www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:40 19-10-2006

# وەزارەتی پەروەردە، بۆ بی دەنگن؟ ... كريم رسول

پاش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم، دەرفەتێکی زۆر گونجاو هاتۆتە پێشی بۆ زیاتر خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە کاروباری حکومەتی هەرێم.
ئاشکرایە لای هەمووان کەرتی پەروەردە یەکێکە لەو کەرتە فراوانانەی کاریگەریەکی چارەنووسسازی هەیە لەسەر ئێستاو دوارۆژی گەلەکەمان.
لە رۆژی 2006/10/2 لە ماڵپەری (کوردستان نێت) بابەتێك بەناوی (کونفرانسی پەروەردە، ئاگادارن؟!) بڵاوکراوەتەوە، لە نوسینی بەرێزێك بەناوی (سردار عبدالله) .
کەتیایدا نووسەر لایەکی لە خوێندنی پیشەیی (کشتوکاڵ) کردۆتەوە، بەتایبەتی ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەلەك. لەمیانی نوسینەکەیدا چەندین خاڵی ووروژاندوە، کەهەریەکێکیان مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن و لێکۆڵینەوەیە، وە بە دواچوونی کارگێری و پەروەردەیی پێویستە.
پەیوەست بە هەمان بابەت و لەرۆژی 2006/10/11 لەژمارە (712) ی رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لە لاپەرە (9) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرێز بەرێوەبەری ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەلەك کراوە، وەك بەدواداچونێکی رۆژنامەنوسی لەلایەن بەرێز (بەکر تەیفور)، پێشدەچێت نوسینەکەی (سردار عبدالله) یەکێك لەسەرچاوەکانی زانیاری ئەم بەرێزە بێت و زۆریش لە پرسیارەکانی هەر لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرن، لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بۆ ئەم خاڵەش نەکردووە.
بەڵام جێگەی داخە، بی ئاگایی و نا شارەزایی رۆژنامەنووسەکەی (رێگای کوردستان) و وەڵامە تێکەڵ و پێکەڵەکانی جەنابی بەرێوەبەر کارەساتەکە مەزنتر دەکەن و خەریکە (ردێنیش لە سەر دادەنێین) . لە کاتێکدا مەبەست لەم جۆرە نوسین و بەدواداچوونانە چارەسەرکردنی کێشەکانە، نەك خۆدزینەوە و پاساو بۆ هێنان و شاردنەوەی راستیەکان.
بۆ ئەم مەبەستە چەند تێبینیەکمان هەیە دەیخەینە بەردەستی دڵسۆزان بە هیوای چارەسەرکردنیان ئەگەربکرێت، ئەگەر نا بۆ مێژوو. دڵنیام رۆژێك دادێت (حەشر) ی ئەم جۆرە بەرپرسە نا بەرپرسانەش دەکرێت بەڵام ئەم حەشرەی من مەبەستمە لە سەر زەوی و لە بەرچاوی مروڤی ئەم وڵاتە دەبیت، کەی؟؟ نازانم، بەڵام وەك دەڵێن: (لا ريب فيه) .
تێبینیەکان لەسەر چاوپێکەوتنەکە:
1- لەوەڵامی پرسیاری چەند یاریدەدەرت هەیە، دەرچووی چین؟ بەرێوەبەر دەڵێت پێنج یاریدەدەرم هەیە، دەرچووی (بەکالوریوس) و پەیمانگاو ئامادەیی هونەریین.
کەچی راستیەکەی دەرچووی کولیژیان لەناودا نی یە، وەك ئەوەی بەرێوەبەر دەفەرمووی (دەرچووی بەکالوریوس!!!) بەڵکو ئەو بەرێزانە یان دەرچووی پەیمانگان یان دەرچووی ئامادەیی پیشەی، نەك (هونەریی!!!) وەك ئەوەی لەوەڵامەکەدا هاتووە.
2- کاتێك لە بەرێوەبەر دەپرسن: ( (پرسیار تەسەرِوبی کردبوو، هەندێك لە دەفتەری تاقیکردنەوەکان ئیشارەیان لەسەربووو؟) ) . لەوەڵا مدا دەڵێت: ((یەکەم ئامادەیی کشتوکاڵ ئەوە نییە پرسیارەکان تەسەرِوب بکا ئەوەندە گرنگ نییە تۆ بچیت پرسیارەکان بفرۆشیتەوە... )) . بەداخەوە بەرێوەبەری ئامادەییەك لەم ئاستە دابێت بەم شێوەیە پاساو بۆ ئاشکرابوونی پرسیارەکان و هێما و نیشانە دانانی سەر دەفتەرەکانی ئەزموونی کۆتایی ساڵ بهێنیتەوە و بڵێت وەکو ئیدارە دڵنییاین شتی وانییە. جەنابی بەرێوەبەر بەمەش ناوەستێت و سوکایەتی بە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و بەکەمی دەزانێت. بەوورد بوونەوە لە وەڵامەکەی بەرێوەبەر بۆمان دەردەکەوێت جەنابی ئامادەییی تێدایە بۆ فرۆشتنی پرسیار

ئەگەر پارە بكات، بەڵام لە بەد بەختی ئەو، (ئامادەیی) ەكەی ئەوەندە گرنگ نی یە وەك خۆی گۆتەنی ( (ئەوەنییە) ) تاوەكو پارەیەكی باشی بۆ بكات!!.

3- لەوەڵامی ئەوەی دەرچوانی سی ی ناوەندی فەرمانبەرن و لە تاقیكردنەوەی دەرەكی بەشداری دەكەن و دواتر دەبن بەمامۆستا. بەڕێوەبەری بەڕێز یان خۆی لەڕاستیەكان دەدزێتەوە یان ناشارەزایی ڕۆژنامەنوسەكەی (ڕێگای كوردستان) دەقۆزێتەوە و دەڵێت: بەڵی زۆر كەس بەشداری دەكەن لەئەزموونی دەرەكی و نابن بەموحازر. منیش دەڵێم جەنابی بەڕێوەبەر بگەڕێوە سەر خاڵی (8) لە نووسینەكەی (سردار عبدالله) كەدەڵێت جەنابت فەرمانبەری دەرچووی سی ی ناوەندی دەهێنیتە ئامادەییەكەت و دواتر بەشدارییان پی دەكەیت لە ئەزموونی دەرەكی، ئەو ئەزموونەی ڕێژەی دەرچونیان **100%** بەقسەی خۆت، وەهەر ئەو فەرمانبەرانەش دواتر دەكەیت بەمامۆستا، ئەگەر قەناعەت ناكەی!؟ ئامادەم ناوی ئەو بەناو مامۆستایانەت بۆ بەیانكەم.

4- دەربارەی ئەو برادەرەی ساڵی پار بۆ ماوەی یەك ساڵی خوێندن وانەی كۆمپیوتەری بە فێرخوازانی قۆناغی یەكەمی ئامادەییی كشتوكاڵ ووتۆتەوە، ئەو برادەرە مامۆستا نی یە، وەك جەنابی بەڕێوەبەر دەڵێت مامۆستایە و لەمەش كارەساتتر ئەو بەڕێزە لە هەمان ساڵ بەشداری ئەزموونی دەرەكی كردووە و بووە بە دەرچووی ئامادەیی كشتوكاڵ، واتە لەو ساڵەی مامۆستای كۆمپیوتەر بووە، لە هەمان ساڵ بەشداری ئەزموونی دەرەكی ئامادەیی كشتوكاڵی كردووە!!.

لەكۆتاییدا ماوە بڵێم، وەك نمونەیەك لەبی بەرنامەیی و پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەكان لەو ئامادەییە، مامۆستا هەیە دەرچووی كۆلیژی كشتوكاڵە بەشی (وقایە المزروعات) كەچی وانەی (دین) دەڵێتەوە، وەدەرچووی كۆلیژی كشتوكاڵە بەشی (التربە) وانەی (اللغە العربیە) دەڵێتەوە، قوتابیە لەبەشی مێژووی كۆلیژی ئاداب وانەی (ادارە المزارع) دەڵێتەوە وەكو وانە بێژ، ئەمانە جگە لەبوونی ژمارەیەكی زۆری دەرچووی ئامادە یی پیشەیی كەچی وانە (نقری) یەكان دەڵێنەوە، بەپێچەوانەی زانیاریەكانی بەڕێوەبەر فەرمویەتی.

برایان، وابزانم بەسە، باسی چیتان بۆ بكەم...، بڕوابكەن ئەم ئامادەییە بەس ئامادەییی نی یە.
وەزارەتی پەروەردە، بۆ بی دەنگن؟! هیمەتی.

Karimrasul71@yahoo. com هەولێر 2006/10/16